www.kurdistannet.org
19-10-2006 7:59 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕوونکردنەوەیەک لە (ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان) ەوەسەبارەت بەبڕیارێکی وەزارەتی پەروەردە

قوتابیان و خوێندکارانی کوردستان....

لە نوسراوێکی فەرمی وەزارەتی پەروەردەدا کە ژمارە (623) ی ڕۆژی 9/26 ی لەسەرە و گشتێنراوە بەسەر قوتابخانەکاندا لە خاڵێکی تایبەتدا هاتووە کە (پێویستە وێنەی قوتابی دەرچووی پۆلی شەشەمی ئامادەیی بۆ دروستکردنی بڕوانامە بێ لەچك بێت) . بۆ بەدواداچوونی ئەم بڕیارە بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە پێیان ڕاگەیاندین کە (ئەو بڕیارە بە هیچ شێوەیەك قوتابیانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە و تەنها بۆ ئەو قوتابیانەیە کە دەچنە دەرەوەی هەرێمی کوردستان) .

بۆیە بە پێویستمانزانی:

1ـ قوتابیان و خوێندکارانی کوردستان ئاگادار بکەینەوە کە ئەو بڕیارە بەهیچ شێوەیەك نایانگرێتەوە و لە هەر حاڵەتێکی لە و جۆرەشدا ئێمە وەکو ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین بە پاڵپشتی ئێوەی قوتابیانی کوردستان هەموو شێوازێکی شارستانیانە بگرینەبەر بۆ دژایەتیکردن و هەڵوەشاندنەوەی بڕیارێکی لەو جۆرە کە پێچەوانەی کلتوری گەلەکەمان و بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئازادی بیر و ڕا و ژیانی شارستانیانەیە.

2ـ داوا لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بەزووترین کات ڕوونکردنەوە بداتە قوتابخانە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە پەروەردە لەبارەی ئەو خاڵەوە، چونکە لە نوسراوەکەدا هیچ ئاماژەیەك بە قوتابیانی دەرەوەی هەرێم نەکراوە، وەك ئاگاداریشین لە هیچ شوێنێکی دونیا داوایەکی لەو جۆرە بۆ وەرگرتنی بڕوانامە بوونی نییە، ئەمە وێڕای ئەوەی لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی عێراقدا بەهیچ شێوەیەك بڕیاری لەو جۆرە نییە.

داواش لە قوتابیان و خوێندکارانی کوردستان دەکەین بەتایبەت ئەندامان و لایەنگرانی (ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان) کە لە هەر شوێنێك بڕیارێکی دژە مرۆڤانەی لەو جۆرە هەبوو ئاگادارمان بکەنەوە بۆئەوەی بە هەموو لایەك بەشێوەیەکی ژیرانە هەوڵی چارەسەرکردنی بدەین لەپێناو پاراستنی ژینگەی قوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندنی کوردستان لە هەر پشێویی و ئاڵۆزی و پێشێلکارییەکی مافەکان.

ڕاگەیاندنی مەکتەبی سکرتارییەتی

ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان
2006/10/17